# ژیان له گوێن دانێ

**کتێبی چوارەم**




ڕۆز لاگرکڕانس

وەرگێڕانی لە زمانی سوێدییەوە: ڕەحمان سۆفی

ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی

# بەشی ١

دەسپێکی هاوینە. دانێ ئەو کچەیە، لەو خانووە زەردەدا لە «جادەی هووملە» دەژی. بەڵام ماوەیەکە لەوێ نییە. دواین جار کە لەوێ بوو، پێش کۆتایی قوتابخانە بوو.



کاتێک سەرلەبەانی دانێ لە ماڵ دەرکەوت باران باری بوو. کرمەبارانە لە سەر جادە دەخزین. ئاگایان لێنەبوو لەوێ دەبن بە ژێر ماشێنەوە. دانێ چەن دانەی کۆکردنەوە و بردنی لە پیادەڕێکە داینان.



دانێ ئەو ڕۆژە گیانی نۆ کرمەبارانە و چوار شەیتانۆکەی ڕزگار کرد. کەچی دوای چەن ساعەت وا

ڕووی دا باوکی خۆی بوو بەژێر ماشێنەوە. مرۆڤ لە خۆی دەپرسێ «بۆچی کەس نەهات بە هاوارییەوە؟» هەڵبەتە باوکی زیندوو ما. بەڵام دەبێ چەن مانگێک لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە.

دانێ بۆ پشوودانی هاوین لە لای باشترین دۆستی خۆی ئێلا فڕیدا ماوە. دانێ توانی لەگەڵ ئەو بچێ بۆ دوورگەیەک لە نێوەڕاستی دەریا. لەو دوورگەیە بە ڕۆژدا کایەیان دەکرد. خانۆچکەیان دروست دەکرد. مەلەیان دەکرد. هەڵبەتە ئەوان هەروەخت یەکدی ببینن پێکەوە کایە دەکەن.

لەو  دوورگەیە ئەوندەیان کەیف خۆش بوون دانێ بیری لە باوکی نەدەکردەوە.

ئەوان ڕۆژی پێنج تا حەوت جار مەلەیان دەکرد. ماندوو نەدەبوون. مایۆ و جلی مەلەکەیان هەمیشە تەڕ بوون. دەبوو بە تەنافدا هەڵیخەن تا وشک بنەوە.



جاری واهەبوو گوێیان نەدەدایە. لەسەر تەختە بەرد فڕێیان ئەدان.



وەک ئەو پیاوەی چیرۆکی کۆن کە بەڕووتی دائەنیشت و ویولۆنی دەژەند. هەر کەس کە گوێی لێبوایە شێتانە هەڵدەپەڕی.

ئێلا فڕیدا ش ویولۆنی دەژەند.

دایکی ئێلا فڕیدا دەیگوت ئێلا فڕیدا دەبێ هەیچ نەبێ ڕۆژی نیو سەعات تەمرین بکا. بەڵام چۆن فریا بکەوتایە کاتێ دانێ لەوێ بوو. ئەوان پێکەوە ئەوندەیان کایە و یاری هەبوو بۆیان نەدەکرا. چونکە لە ڕاستدا پێکەوە بوونیان بۆ گرینگتر بوو.

تەماشای ئاژەڵە کێوییان دەکرد. سەیری ڕێوییان دەکرد. پێیان سەیر بوو کە دەچوو لە سەر تەختەبەردێک هەڵدەترووشکا و دەیڕوانییە دەریا.



یان سەرنجی کەڵەکێوییان ئەدا کە بە مەلەکردن دەپەڕییەوە.



یان دەیان ڕوانییە ئاسمان و سەرنجی هەڵۆی دەریاییان ئەدا. هەڵۆ بەسەر دوورگە و دەریادا دەسووڕانەوە. تا هەڵۆ نزیک دەبوونەوە، مەلەکانی دیکە دەیانقیژاند.



باڵی هەڵۆکان پان و بەرینە. و چنگاڵی پێیان وەک قولاپ وایە.



کاتێک هەڵۆکان دەهاتن بەپەلە بەرازۆکەکانی ئێلا فڕیدا یان «ڕۆی» و «پارتیبۆی» ان دەبردە ژووری.

وەختێک دانێ بەرازۆکی وەبیر دەهاتەوە بیری ماڵێی دەکرد. بیری «بەفرە» و «کلوو»ی دەکرد. ئەو بەسەزمانانە نەیان توانی بوو لەگەڵ دانێ بێن بۆ دوورگە. مەجبوور بوون لە لای نەنکی و باوەگەورە بمێننەوە. دایکی ئێلا فڕیدا گوتی «ئەگەر بهاتایەن دوورگەکە پڕدەبوو لە بەچکە بەرازۆک! چونکە زوو زوو بەچکەیان دەبێ. «ڕۆی» و «پارتی بۆی»نێر بوون و «بەفرە» و «کوللو»مێون.



دانێ تۆزێک بیری پشیلەکەشی دەکرد. بەڵام زیاتر لە هەموویان بیری باوکی دەکرد. باوکی هەموو ئێوارەێک تەلەفۆنی بۆ دانێ دەکرد و ئەحواڵی دەپرسی.



وەختێک پێکەوە قسەیان دەکرد، دانیێ دڵخۆش دەبوو.



## بەشی ٢

ئەو ڕۆژ بەیانی، دانیٚ لە خەو هەستا. وەبیری هەتەوە دویٚ شەو باوکی تەلەفۆنی بۆ نەکردووە. دانیٚ زۆر دڵپەرۆش بوو.



ئێلا فڕیدا لە شیرین خەودا بوو. دانیٚ دەستی تێوەنا، ئەو وەرگەرا سەر شان بەڵام وەخەبەر نەهات. «میراندا»ش خوشکە چکۆلەکەی ئێلا فڕیدا هەر لەو ژوورە دەخەوت. بەڵام ئێستا چبوو بۆ ماڵی باوەگەورەی. کەس لەویٚ نەبوو کە دانیٚ قسەی لەگەڵ بکا. هەستا و بە پێدزە چوو بۆ ئاشپەزخانە. دایکی ئێلا فڕیدا و مێردەکەی کە ناوی«ئۆففە»بوو لەویٚ دانیشتبوون قاوەیان دەخوادەوە.

ئۆفە گوتی «زوو لە خەو هەستاوی.»

دایکی ئێلا فڕیدا گوتی «دڵنگەران دیاری»

دانێ گوتی «بەڵێ پێموابێ باوکم کێشەیکی بۆ پێش هاتووه»



ئۆففه پرسی«بۆچی وابیر دەکەیەوه؟»

دانێ گوتی«ئاخر دوێ شەو تەلەفۆنی نەکرد»

دایکی ئێلا فڕیدا گوتی«ڕەنگه سەرقاڵ بێ» ئەوەی گوت و بابۆڵەیکی سووسیسی بۆ دروست کرد و لەبەر دەمی دانا. ئۆففەش لیوانێکی شیر بۆ تێکرد. بەڵام دانێ ئەونده دڵنگەران بوو، نه نانی بۆ دەخورا نه وەخواردن. باش بوو زۆری پێنەچوو ئێلا فڕیدا ش له خەو هەستا و هاته ئاشپەزخانه. زوو تێگەی که شتێک ڕووی داوه.

پرسی «چی بووه؟»

دانێ دەمی وشک بوو، نقەی لێوه نەهات!

ئێلا فڕیدا له تەنیشتیەوه دانیشت و سەیری کرد.

دایکی ئێلا فڕدا هات و پرسی «بۆ شتێک دڵنگەرانی؟»

دانیێ لووشە لووشێکی کرد و گریا.



گوتی «باوکم دوێنێ ئێوارە تەلەفۆنی نەکردوە.»

ئێلا فڕیدا گوتی«هەقتە سەیرە »

ئۆففە گوتی«بەم زووانە خەبەری دەبێ. بڕۆ سەیری ئەو ڕێڤیە بکە»

ئێلا فڕیدا گوتی «نا، ئەمڕۆ. سەرگەرمییەکی دیکە بۆ خۆمان سازدەکەین. ها، دەستووری خواردنێک دەنووسین. مەگەر نا دانیێ؟»

دەسبەجێ دەستیا پێکرد. دەستوری دروستکردنی شیرینی نارگیلیان نووسی.

ئێلا فڕیدا نووسی

«پاکەتێک ئاردی نارگیل دەکڕین. لێی نووسراوە چۆنی دروستکەین»

دانێ شکڵی کلووەنارگیلەکەی کێشاوە. لە وێنەی تەپۆڵکی بەردەڵانی دەچوو. دوایە بە گەچی زەرد ڕەنگی کرد. ئێلا فڕیداش بە گەچی قاوەیی تۆزێکی دیکەی ڕەنگ کرد. خۆش دەهاتە بەر چاو.



لاپەڕەی هەوەڵی کتێبی ئاشپەزیەکەیان تەواو بوو. لە پڕیکدا تارماییەک ئاسمانی بەرچاوی دانێی داگرت. دانێ وەبیر باوکی کەوتەوە. لە زەینی خۆیدا بیری دەکردەوە «خۆزگە دەمزانی بۆچی باوکم تەلەفۆنی بۆ نەکردوم» هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە پەنجێرکەوە ڕوانییە دەرێ.

ئێلا فڕیداش بە نیگەرانیەوە ڕوانییە ڕوانینەکەی دانێ.

لەو دەمەداشدا لە دوورەوە گەمییەک لە دوورگەیەکی دیکەوە لە سەر ئاوەکە بەرەو لەنگەرگەی دوورگەی ئەوان دەهات.




ئێلا فڕیدا کاغەز و قەڵەمگەچی وەلانا و گوتی«دانێ تەماشاکە! ئەوە گەمی هات،کەچی ئێمە هێشتا بابۆڵە و قاوەمان ئامادە نەکردووە. » ئێلا فڕیدا و دانێ، هەموو ڕۆژێ سەعات نۆ بابۆڵە و قاوە و شیرینی وشەربەتیان ساز دەکرد. دەچوونە سەرسەکۆی لەنگەر. نۆ دە دقیقە گەمییەکە دەگەیشتە ئەوێ. بۆیە گرینگ بوو کە لە وەختی خۆیدا لەوێ بن. مسافیر دابەزن ئەوان بتوانن بابۆڵە و قاوە و شیرینی و شەربەتەکەیان بفرۆشن.ئێلا فڕیدا دەیگوت «دوو قازانجی هەیە. هەم سەرگەرمین هەم پووڵ پەیدا دەکەین»



# بەشی ٣

ئێلا فڕیدا و دانیێ ئەم بەیانییە درەنگ گەیشتن. گەمییەکە لە لەنگەرگە وێستا بوو.



ئێلا فڕیدا بانگەوازی دەکرد«وەرن بۆ قاوە، بابۆڵە، شەربەت و. . .»

دانێش بۆی دەساندەوە. دیارە بانگەواز بۆ بازاڕگەرمییە. دەنا نرخەکەی هەروەک ڕۆژانیتر بوو.





وەختێک گەمییەکە ڕۆیشت. تەماشایان کرد. ئەوەی لە سەوەتەکەیاندا بوو هەمووی فرۆشرا و تەواو بوو. لەجێی ئەوە سەوەتکەیان پڕ بوو لە وەردەپووڵ، ئەسکیناسی بیست کرۆنی پەنجا کرۆنی و سەت کرۆنی.

ئێلا فڕیدا بژاردی. دەسکەوتی فرۆشی ئەوڕۆژەیان باش بوو. رازی بوون.



دوایە بە خۆشحاڵییەوە گوتی«زۆر باشە، بەمجۆرە دەوڵەمەند دەبین»

دانێ لێی پرسی«دەی باشە بەو پووڵە چی بکەین؟»

ئێلا فڕیدا گوتی«دەچین بۆ دوورگەی ئیسلاند. ئەسپ سواری دەکەن»

دانێ گوتی «ئەی بۆ لەئەوەڵەوە بەمن نەکووت!»

ئێلا فڕیدا گوتی«تۆ خەوتبووی بەبیرمدا. فکرێکی باشە، دەنا وانییە؟»

دانێ جوابی نەداوە. چونکە ئەو لە ئەسپسواری دەترسا.ئەوە هاتوو بەربێتەوە. یان ئەسپەکە لەقەی لێ بدا. بەڵام لەو دەمەدا دڵپەرۆشی ئەو مەسەلەیە نبوو. بیری لەوە دەکردەوە کارێکی هاوینەی باشیان هەیە.

# ژیان لە گوێن دانێ – بەشی ٤

دایکی ئێلا فڕیدا لە قاوە و بابۆڵە فرۆشی ئەوان ڕازی نەبوو. لە بەر ئەوەی دەبوو خۆی کار و باری قاوەسازکردنیان بۆ ئەنجام بدا. زۆربەی وەختی لەگەڵ ئەو کارەی ئەوان تێپەڕ دەبوو. لە دوورگەکە دووکانی لێ نەبوو. قاوە و نانی بابۆڵە و کەیکیان بکڕیایە!

کاتێک ئێلا فڕیدا و دانێ لە سەکۆی لەنگەرگە گەڕانەوە. دایکی ئێلا فڕیدا خەریکی شیرینی نارگیل دروستکردن بوو.

ئێلا فریدا گوتی«ئاوا، دایکە! تۆ بە دزییەوە کتێبی ئاشپەزییەکەی ئێمە دەخوێنییەوە»

دایکی گوتی«پیویستم پێی نییە. خۆم دەزانم شیرینی نارگیل دروستکەم»

ئێلا فڕیدا پرسی«دەی باشە. بۆم هەیە لێی بخۆم؟»

دایکی نێوچاوانی گرژ کرد و گوتی«نا، هەندێک سەبرکە»

ئێلا فڕیدا دووبارە پرسی«دەی تا کەی سەبرکەم؟»



دایکی ئێلا فڕێدا گوتی«ئەمە نەهێنییە.پێتان ناڵێم. دویە دەزانن»

ئێلا فڕیدا لە قسەکەی دایکی تۆرا. ئەو هەر وایە.جار جارە دەتۆرێ. دایکی دەڵێ ئەو کچەی من بەقەت هەموو دنیا تۆرنۆکە. بەڵام دایکی بەدڵی نەگرت.گوتی ئێستا کاتی ئەوەیە ویۆلۆنەکەت هەڵگری و بچی تەمرین بکەی!

ئێلا فڕیدا بە نابەدڵی ویۆلۆنەکەی لە کۆمۆدەکە دەرهێنا. تەنیا خۆی و دایکی نەبێ کەسی دیکە بۆی نەبوو دەستی لێ بدا.

ئێلا فڕیدا لە دایکی پرسی «ئەی دانێ خەریکی چی دەبێ؟»

دایکی گوتی «دانێش ئەوشتانەکۆدەکاتە. وا پڕشو بڵاوتان کردووەتەوە ئێرە دەبێ پاک و خاوین بێ»

ئێلا فڕیدا لە بەرخۆیەوە ورتەی دەهات «جا، بۆچ باشە»



دانێ ئەوەی لە ژوورەکەدا بڵاو ببوونەوە، لە بووکەنەرمەوە بگرە تا کتێب، قەڵمگەچی رەنگی، کارتی بازی، جەل و بەرگ کۆی کردنەوە و خستنییە نێو کۆمۆدێکەوە. دوای ئەو کارانە بەڕاکردن چوو بۆ کۆخی لێوار ئاوەکە. نزیک بووەوە دەنگی ویۆلۆنەکەی ئێلا فڕیدا دەهات.



دانێ تەق تەق لە درگای دا. لە پەنجێرەوە بەدزە تەماشای ژوورەکەی کرد.
ویۆلۆن بێدەنگ بوو. ئێلا فڕیدا درگاکەی کردەوە.

ئێلا فرِیدا بە گلەییەوە گوتی«چەندی پێچوو تا وڵاتت خاوێن کردەوە؟»

دانێ گوتی «سەخت بوو تا تەواوم کرد ئارەقی ڕەش و شینم دەردا»

ئێلا فرِیدا گوتی «لەوە گەڕێ بابچین مەلە بکەین»

دانێ گوتی«تۆ دەبوایە تەمرین بکەی، مەگەر نا؟»

ئێلا فرِیدا گوتی«دەتوانم هەردووکیان بکەم، هەم تەمرین هەم مەلەش»



ئێلا فرِیدا گوتی «وەرە با یاری بکەین. من کابرای ویۆلۆن ژەنم»
بە جووتە ڕۆیشتن بۆ لای تەختە بەردی لێواری ئاوەکە. جلەکانیان لە بەر خۆ فرِێدا.



ئێلا فڕیدا خۆی هاویشتە نێو ئاوەکە. دەستی کرد بە ویۆلۆنژەنی. دانێش لە دوای ئەوەوە وەک ماخویا سەر خۆی ڕادەوەشاند و لەدەوری خۆی سەمای دەکرد. هەڵدەبەزی. هەڵدەپەڕی. لە دنیای خۆیدا بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕی.



لە کاتی سەماکردنەکەی ئەودا، کەسێک بە هەڵەداوان لە کەنار ئاوەکەوە دەهات



لەپڕێکدا چی ببینێ باشە«سوانتە»ی ئامۆزای. بەدوای ئەودا نەنکی و دایکی ئێلا فڕیدا و مێردەکەی«ئۆففە» سەر سامیان کرد.



دانێ لە ئاوەکەدا دانیشت و شڵپە شڵپی دەکرد. بەڵام ئێلا فڕیدا سەری وەرگێڕا بۆ لای بەرێنی دەریا. گوێی بە هیچ نەدا. ویۆلۆنی خۆی دەژەند.

کاتێک دایکی چاوی پێی کەوت بانگی کرد. «ئێلا فڕیدا ئەوە تۆ لەونت لێ گۆڕدراوە!»

کەچی دانێ جوابی داوە.«نا، ئێمە کایە دەکەین. ئێلا فڕیدا دەوری کابرای دەریایی ویۆلۆنژەن دەبینێ. خەتای

منه. بمانبووره. لەقسەکانی دانێ دا ئێلا فڕیدا زانی دایکیشی هاتووە. سەری کرد بەژێر ئاوەکەدا و باڵی بڵاو کرد. تەنیا ویۆلۆنەکەی لە سەر ئاوەکە دیار بوو.

دایکی نەڕاندی بەسەریدا«خێرا  وەرە دەرێ، دەنا. . .»

ئێلا فڕێدا گوێی پێنەدا. گەڕاوە بۆ قووڵای ئاوەکە.

دایکی بە شڵپە شڵپ بە دوای کەوت. «ئۆففە» بانگی کرد ئێلا فڕیدا وەرە



ئێلا فرێدا گوتی «باشە بەو شەرتەی کە ئێوە هەمووتان لێرە بڕۆن»
ئۆففە «پرسی بۆچی؟»
ئێلا فڕیدا گوتی «ئەێمە بازی کابرای دەیایی دەکەین. ئەگەر نەڕۆن ئێمە شەرم دەکەین»



بەوجۆرە ئەوانی گەڕاندەوە بۆ لای خانووەکە.
سوانتە بەدزە تەماشای دەکردن.
دانێ «قیژاندی تەماشامەکە!»



ئەوان ڕۆیشتن. ئەمانیش بە پەلە لە ئاوەکە هاتنە دەرێ. خۆیان وشک کردەوە و جلەکانیان لەبەر کردەوە.

درێژەی هەیە ...